# یادنامە
YADNAMA

ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێک، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارە ١٩ی تشرینی دوەم ٢٠٢٠ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.19, November 2020


## هەڵبژاردنی ئەمریکا



ئیسرائیل تاکە وڵاتە پێش هەڵبژاردن کاریگەری لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا هەبێت، بەڵام دوای هەڵبژاردن، ئەمریکا کاریگەری لەسەر هەموو جیهان هەیە ئیسرائیل نەبێت ،چونکە ئیسرائیل پێشتر هەموو مەلەفەکانی خۆی یەکلا ئەکاتەوە و دوای هەڵبژاردن تەنها بۆ پیرۆزبایی سەردانی ئەمریکا ئەکەن. کاریگەری ئیسرائیل دوو لایەنی هەیە، پێگەی جیو سیاسی دەوڵەتی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دوەم کاریگەری لۆبی یهودی لەئەمریکا، هەم گەورەترینە لەروی ژمارەوە هەم کاریگەرترین لەناوەندەکانی بڕیاردان. ترمپ لەماوەی ئەم چوار ساڵەدا زۆر شتی بۆ ئیسرائیل کرد وەکو گواستنەوەی سفارەت بۆ قودس، داننان بە بەرزایەکانی جۆلان، ڕێکخستنی ڕێککەوتنی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ ئیسرائیل، دوای ئەوەی ڕێگەی بەئێران دا ، حەشدی شەعبی لەسەر سنورەکانی سعودیە هێز بڵاوە پێبکەن و دورترین خاڵی عەرەبستانی سعودی موشەک باران بکات لەرێگەی حوسیەکانەوە، بۆ ئەوەی عەرەب خۆیان داوای ڕێکەوتن بکەن لەگەڵ ئیسرائیل، لەگەڵ هەموو ئەوانە ترامپ یەک کار ماوە بیکات، نەهێشتنی مەترسی ئێران لەسەر ئیسرائیل، وەکو لە هەڵبژاردنی رابردوو. **بۆ..... ل ٢**

### هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا و بەهای تمەن و لیرە

یەکێک لە کاریگەریەکانی هەڵبژاردنی ئەمریکا لەسەر جیهان بەهای دراوەکانە لە چوارچێوەی گەمارۆی زیرەک. ئەمریکی‌یەکان قسەیەکیان هەیە ئەڵێ: "هەر دۆلارێ لە دنیادا سەربازێکی ئەمریکی‌یە و ئەمریکا ئەپارێزێ" ئێستە قەیدکردنی دو سەرە هەیە بۆ تورکیا و ئێران لە ڕێی ئەم ئابڵۆقە زیرەکەوە، بەتایبەت بەهای تمەن و لیرە لە بەرامبەر دۆلاری ئەمریکی‌دا. ئێران وەک ئەختەبوتەکەی ڕۆژهەڵات هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندی‌یەکانی ئەمریکا و دۆسیەی چەکی ئەتۆمی و تورکیا لە سوریاوە تا داعش و تا لیبیا و دەریای سپی مامەڵەی سیستەمی بەرگری ڕوسی S400. ئا لێرەوە هەر کامیان بایدن و ترامپ دەربچن هەمان ئابڵۆقەی زیرەک بەردەوامی ئەبێ، بەڵام بە پێی قەیدی دو سەرە هەردو وڵات ئێران و تورکیا بەرزی و نزمی لە بەهای دراویان‌دا رو ئەدا تا ناچار ئەبن بچنەوە ناو بازنەی بەرژەوەندیی‌یەکانی ئەمریکا. پێ ئەچێ دوای ڕاگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەمریکا، کە دەکەوێتە نزیکی مانگی یەک هەمان قەیدی دو سەرە بەردەوامی هەبێ و بەهای تمەن و لیرە بە شێوەی گەورە بەرزبونەوە بە خۆیەوە نەبینی. تەنها لەسەر هێڵێکی کێرڤی بەرزبونەوە و دابەزینی بچوک رو بدا، بەڵام بۆ بەرزبونەوەی گەورەی بەهای تمەن و لیرە ئەو کات ڕوئەدا، کە ئەو دو وڵاتە ناچاربن بە مەرجەکانی ئەمریکا. بە مانا ئابوریی‌یەکەی دوای ئەنجامەکان گەڕێکی تر لە دانوستان لەگەڵ ئێران و تورکیادا دەست پێ ئەکا و بەهای تمەن و لیرە تا ئاستێکی باش بەرز ئەبێەوە. بەڵام ناهێڵن خەتی سوری قەیدی دو سەرە تێپەڕێنێ و لە نێوان ئێران و تورکیادا، ئەمریکا بۆ ڕاگرتنی باڵانس کار لەسەر عێراقی کازمی ئەکا و بۆ بە ئەمانج گەیاندنی ئابڵۆقەی زیرەک و قەیدی دو سەرە کار لەسەر دیناری عێراقی ئەکا. بەمەش دیناری عێراقی وەک


**بۆچی ڕوسیا بێدەنگە لە دەستێوەردانی، د. جەبار... ل ٣**

**جەلال مەلەکشا: شیعر ژیانی منی بە قوڕدا کرد، ل.. ٤**

**کۆچی دوایی قادری حاجی عەلی خەسارەتێکی گەورەیە.. ل ١٦**

**سەلڤادۆر ئالیندی و ولیام یۆحەننا، ئاسۆس هەردی ل ٨**

**مووچەی مووەزەف.... شێخ نوری شێخ ساڵح ل ١١**

# هەڵبژاردنی ئەمریکا

موسلیح هەمزە نوری



ترەمپ بانگەشەی بۆ ئەکرد، لەگەڵ ئەوەی تارادەیەکی زۆر ئێران بێهێز کراوە، بەڵام بەتەواوی ئەم ئامانجەی نەهاتۆتەدی، هەرچەندە ئەو بارە ئابوری و تەندروستیەی کۆرۆنا بەدوای خۆیدا هێنا لە ئەمریکا، کاریگەری زۆری دروست کردوە، لەسەر ترامپ، بەڵام بارودۆخی شێواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمنی ئیسرائیل پێویستی بەوە هەیە ئەم خولەش ترامپ لەسەر کورسی سەرۆکایەتی دانیشێتەوە. هەرچەندە ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی نێوان ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ پاراستنی باڵادەستی سەربازی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، تەنها هەفتەیەک پێش هەڵبژاردنەکان، دەر خەری ئەوەیە، ترەمپ و ئیسرائیل هەست بەمەترسی جدی ئەکەن لەهەڵبژاردن، و پێم وایە ئەوە ئاماژەیەک بێت بۆ ئەگەری دەرچونی پیرە بایدنی بێهێز و خەڵەفاو وەک ترمپ دەڵێ .

کاریگەری هەریەکەیان بۆ ڕۆژهەڵاتی ناوەراست. ئێرانیەکان لەگەڵ ئەوەی لەژێر فشارێکی زۆری ئابوریدان، و خەریکە ژێرخانی پیشەسازی و ئابوری ئێران هەڵدەتەکێنێ و ڕۆژانە سەدان کارگەو کۆمپانیا مایەپوچ ئەبن و دائەخرێن، بەڵام زۆر زیرەکانە، توانیان درێژە بەسیاسەتی نەشەڕ نەئاشتی بدەن لەگەڵ ئەمریکا تا هەڵبژاردن، سیاسەتی ئێران لە ساڵی ٢٠١٧ وە ئەوەبوو، هەرچۆنێک بێت خۆیان بگەیەننە هەڵبژاردنی داهاتو، ئەگەر دیموکراتەکان بیبەنەوە، ئەوە ئەتوانن خۆیان رزگاربکەن، هەرچەندە لەوەدا سەرکەوتوو بون، بەڵام نازانین ئەنجامی هەڵبژاردن یاوەریان دەبێت یان ڕەنجەکەیان بەبا ئەدا. ئەگەر ترمپ بمێنێتەوە بارودۆخی ئێران خراپتر ئەبێت و عێراق باشتر و تورکیاش بەردەوام ئەبێت لەداڕوخانی هێواشی ئابوری، تا نەمانی ئەردۆگان لەدەسەڵات، ئەو شێوازە سیاسەتە نەرمەی هاوپێچ لەگەڵ ئابلوقەی دیموکراتەکان بەرامبەر ئێران بەکاریان دەهێنا، ترەمپ بەرامبەر تورکیا وایە و لەنێوان ڕاگرتنی پەیوەندی و سزادانی هێواش پەیڕەوی دەکات، چونکە کێشەی تورکیا بەنسبەت ڕۆژئاوا تەنها سەری نیزامەکەیە، کە ئەردۆگانە ئەویش بەهەڵبژاردن ئایخ ئەکرێت .بەڵام لەئێراندا پێچەوانەیە کۆی نیزامەکە ئامانجەو ئەبێت گۆڕانی تێدا بکرێت ئەگەر نیزام نەڕوخێنرێت.

### ئەگەر بایدن بیباتەوە

پێم وایە عێراق کێشەیەکی لاوەکی ئەبێت بەلایەوە و لەپێناو وەرگرتنی ئمتیاز لەرێکەوتنی نێودەوڵەتی، جڵەوی ناوچەیی بۆئێران شل ئەکات، هەرچەندە ئابلوقە ئابوریەکان وەکو خۆیان ئەمێننەوە، بەشێوەی فەرمی، بەڵام دەرفەت بەئێران ئەدات، دەورپێچی ئابڵوقەکان بکات و سود لەسنورەکانی وەرگرێت، لەوانەیە لەسەرەتاوە تارادەیەک تمەنی ئێرانی جۆرێک نرخی بۆ بگەرێتەوە بەهێز بێت بەڵام لەدرێژ خایەندا دوبارە بەهاکەی لەدەست ئەداتەوە، ئەگەر ڕێکەوتن نەکرێت، بایدن بەرامبەر تورکیا توندتر ئەبێت، چونکە بەپێی بانگەشەکانی بێت پەرۆشی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکانی ئەمریکایە، بەتایبەتی لەگەڵ ئەوروپا بۆ ڕێکخستنەوەی ئەوە پێویستە ئەردۆگان بخاتە ژێر فشارەوە. دیموکراتەکان لە ساڵانی نەوەدەکان سیاسەتی (احتواء مزدوج ) یان پەیرەو ئەکرد واتە ، (ڕام کردنی دوانە) کە لەیەک کاتدا هەردووڵا ئابڵوقە درابون، بەڵام یەکیان. بەسوکی ئەوەی تر بە ئابڵوقەی تەواو بەرامبەر هەر یەک لەعێراقی سەدام و ئێران، بەمەبەستی گۆڕینی ڕەفتاریان، دورنیە بایدن هەمان سیاسەت لە گەڵ ئێران و تورکیا پەیرەو بکات ئەگەر ئەوەبکات ئێرانیش هەناسەیەکی بەبەردا دێتەوە .

# بۆچی ڕوسیا بێدەنگە لە دەستێوەردانی تورکیا لە کێشەی نەگۆڕنە قەرەباخ؟

**دکتۆر جەبار**



بێدەنگی ڕوسیا لە بەرامبەر دەستێوەردانی تورکیا لە کێشەی نەگۆڕنە قەرەباخ مایەی پرسیاری زۆر و تێڕامانە، باوەڕ ناکرێت ڕووسیا ئامادە بێ ڕێگە بدات تورکیا لەو هەرێمە پێگەیەکی وای هەبێ کە ببێتە مایەی هەڕەشە لە دەسەڵاتی ڕەهای مۆسکۆ لە باکوری کەفکاز کە بەشێکە لە ڕووسیای فیدیرالی. کەفکاز هەرێمێکی پڕ لە ئەتنیک و ئایینی جیاواز و ئاڵۆزییە، ژمارەیەک دەوڵەتی سەربەخۆ "گورجستان، ئەرمەنستان، ئازربایجان" و سێ دەوڵەتی سەربەخۆی دانپێدانەنراو"کۆماری ئەبخازیا، کۆماری باشوری ئۆسیتیا، کۆماری ئارتساخ – نەگۆڕنە قەرەباخ" و هەروەها نۆ کۆمار و هەرێمی ئۆتۆنۆمی لە چوارچیوەی ڕوسیای فیدراڵی دەگرێتە خۆ: "ئەدیگیا، داگستان، ئینگوشێتیا، کەبەردینۆ – بەڵکاریا، کەراچێڤۆ – چەرکێزیا، باکوری ئۆسیتیا، چێچنیا، دەڤەرەکانی کراسنەدار و ستاڤرۆپۆڵ" نزیکەی پەنجا گروپی ئەتنیکی و ئاینی جیاواز لە کەفکاز دەژین، بەشێکی بەرچاوی دانیشتوانی دەڤەرەکانی باکوری کەفکاز موسوڵمانن و زمانی دایکی ژمارەیەکیشیان یەکێ لە زمانە تورکییەکانە. ناکۆکی و پێکدادان لە نێوان گەلانی موسوڵمانی ئەم دەڤەرانە و مۆسکۆ لە دوو سەدەی ڕابردوو لە ئارادا بووە، دواترینیان شەڕی چێچنیا یا چەچەنستان بوو. کاریگەری تورکیا بە سەرۆکایەتی سەرۆک کۆمارێکی پاوانخواز، کە خۆی بە میراتگری عوسمانییەکان دەزانێ و هەرچی تیرۆریستی دونیای جیهانی ئیسلامییە لە خۆی کۆ دەکاتەوە و بە خراپترین شێوە بۆ گەیەشتن بە ئامانجەکانی بەکارەیان دێنێ، مەترسییەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی نیشتمانی ڕووسیای زلهێز. بەم پێیە بێ، دەبێ کاردانەوەی ڕوسیا لە دژی دەستێوەردانی ئەردۆگان لە شەڕی نەگۆڕنە قەرەباخ، زۆر توند بێ، ئەی دەبێ هۆی ئەم بێدەنگییەی مۆسکۆ لە ئاست کردەوەکانی ئەردۆگان چی بێ؟ ڕەنگبێ گەورەگترین دەسکەوتی جیۆپۆلیتیکی ڕوسیا لە دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤییەت ئەوە بێ کە مۆسکۆ توانیوێتی درزێکی گەورە بخاتە نێوان تورکیا و هاوپەیمانە ڕۆژئاواییەکانەوە لە ناتۆ و یەکێتی ئەوروپا. ئەمە ڕووداوێکی لە ڕادەبەدەر گرنگە بۆ ڕوسیا و مۆسکۆ لە پێناویدا ئامادەیە چاوپۆشی لە هەندێ لە هەڵس و کەوت و یاری بچووکی ئەردۆگان بکات. ئەم پەیوەندییە ئاڵۆزییانەی تورکیا لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوا دەرفەتی دا بە پوتین ببێ بە خاوەن بڕیاری سەرەکی لە سوریا، ئەستەمە مرۆڤ بیر لەوە بکاتەوە کە ڕووسیا دەیتوانی لە سەر سنوورەکانی تورکیا و ناتۆ ئەوە لە سوریا بەدەست بێنێ، ئەگەر تورکیا لە گەڵ هاوپەیمانەکانیدا لە ناتۆ و یەکێتی ئەورووپا هاوئاهەنگ بوایە. هەڵبەتە ئەردۆگان هێشتا هەموو پەتەکانی لە گەڵ ڕۆژئاوادا نەپچڕاندووە و باوەڕیش ناکرێت بیانپچڕێنێ، چونکە هەر لە ئێستاوە کاریگەرییە خراپەکانی ئەم سیاسەتەی لە سەر ئابووری تورکیا بە شێوەیەکی ترسناک کاری کردووە. بەڵام باوەڕیش ناکرێت بتوانێ بۆ دەمێکی درێژ لەم یارییەدا لە نێوان ڕووسیا و ڕۆژئاواد بەردەوام بێ، چونکە ئەستەمە هاووڵاتیانی تورکیا بتوانن بۆ چەند ساڵێکی تر بەرگەی ئەم بارودۆخە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییە سەختە بگرن. بە دیوێکی تریشدا مۆسکۆ باوەڕی تەواوی بەوە هەیە، کاتێ تورکیا لە هاوپەیمانانی لە ڕۆژئاوا دوور دەکەوێتەوە و پشتگیرییان لەدەستدەدا، نەک ناتوانێ زیان بە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا بگەیەنێ، بەڵکو دەبێ خواستەکانی مۆسکۆ لە سوریا، لیبیا و زۆر شوێنی تریش جێبەجێ بکات. ئەمە دەبێتە گەورەترین هەڵەی ستراتیژی ئەردۆگان کە بە ملهوڕی سیاسەت دەکات. لە تەک ئەمانەدا کۆمەڵێ هۆی تریش لە ئارادان بۆ ئەم بێدەنگییەی ڕووسیا، مۆسکۆ لە سیاسەتەکانی سەرۆک وەزیرانی ئەرمەنستان ڕازی نییە، کە بە پێچەوانەی ئەوانەی پێس خۆیەوە ڕووی لە ڕۆژئاوایە نەک ڕووسیا، هەرچەندە دەبوایە ئەو ڕاستییە بزانێ کە بەبێ پشتگیری ڕووسیا لە نێوان ئازربایجان و تورکیادا گورگان خۆر دەبێ. ئەرمینیا وڵاتێکی هەژار و ژمارەی دانیشتوانی هەندێ لە سێ ملیۆن زیاترە، لە کاتێکدا زیاتر لە هەشت ملیۆن ئەرمەن لە دەرەوەی ئەو وڵاتە دەژین. لە بەرامبەردا ژمارەی دانیشتوانی ئازربایجان زیاتر لە دە ملیۆنە و خاوەن نەوت و گاز و داهاتێکی زۆرە و تورکیای لە پشتەوەیە، تورک و ئازەرەییەکان ئەمەیان باش خوێندەوە و کاتێ هەستیان کرد سوپای ئازربایجان ئامادەیە، دەستیان بە شەڕەکە کرد. ئێستا شەڕ لە قازانجی ئەرمەنەکان نیە و بەشێکی گرنگی ئەو خاکەیان لە دەستدا کە لە دەرەوەی سنوورەکانی نەگۆڕنە قەرەباخ لە ساڵانی ١٩٩٢ – ١٩٩٤ دەستیان بەسەردا گرت.

دیاسپۆرای ئەرمەنی لە ئەمریکا و فرەنسا هەوڵێکی زۆر دەدەن ئەم دەوڵەتانە کارێ وابکەن ئەرمەنەکان ڕووبەڕووی لە جینۆسایدێکی نوێ نەبنەوە. بڕیاری نێودەوڵەتی ئەوەیە کە ئەرمەنەکان لەو ناوچانە بکشێنەوە کە لەو ساڵانەدا دەستیان بەسەردا گرتوون، بەڵام نەگۆڕنە قەرەباخ لە سنوورە مێژووییەکەی خۆیدا خاوەن ئۆتۆنۆمییەکی فراوان و پارێزراو بێ.

# جەلال مەلەکشا: شیعر ژیانی منی بە قوڕدا کرد



**چاوپێکەوتنی: فریا یونسی لە 2018/10/30، ماڵپەڕی روداو**

ماوەی دوو مانگێک دەبوو لە هەلێک دەگەڕام بۆ دانیشتن لەگەڵ ئەو شاعیرەی شێعر و هەڵبەستەکانی دەست بە دەست لە نێوان گەورە و بچووکی ئەم وڵاتەدا دەگەڕێن و بە بۆنەگەلی تایبەتەوە پێشکەش دەکرێن و دەخوێندرێنەوە،بەڵام خۆی دیار نییە و کەم کەس تا ئێستا لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا، لە بۆنە و ڕێوڕەسمێک، لە دانیشتنێکی شاعیرانە و تەنانەت لەبەردەم کامێرایەکدا بینیویەتی. جەلال مەلەکشا، شاعیری هەموو چینەکانی کۆمەڵگایە و دەکرێ بە ئاسانی لەسەر هەر شێعر و هەڵبەستێکی بنووسی، بەڵام زۆر ئەستەمە بتەوێ دێڕێک لەسەر کەسایەتی خۆی و ژیانی تایبەتی ئەو شاعیرە ئاشنا بە ڕەنجە، بهێنیتە سەر کاغەز. لەڕاستیدا بەهۆی هۆگریی مامۆستا بە گوندی منداڵیی خۆی و چوونی ڕۆژانەی و سەردانی لە باخ و باخاتی ئەو گوندە، زۆر کەم لە شار دەبینرێ و ئەوەندەش کە بتوانی دوای ماوەیەک گەڕان و پرسیار لە دۆستانی، لە شوێنێک بە دیداری بگەی، بێگومان ئەو شوێنە بەرزاییەکانی حەسەنئاوای سنە و ماڵی دایکییەتی. ئەو دایکەی کە خۆی گوتەنی هاتووە ئاگای لەو بێ تەنیا نەبێ، بەڵام ئەوە دایکیەتی کە ئاگای لە مامۆستایە و هێشتاش وەک منداڵێک وشک و تەڕی دەکاتەوە. بەڵام خۆی دیار نییە و کەم کەس تا ئێستا لە کۆڕ و کۆبوونەوەیەکدا، لە بۆنە و ڕێوڕەسمێک، لە دانیشتنێکی شاعیرانە و تەنانەت لەبەردەم کامێرایەکدا بینیویەتی. جەلال مەلەکشا، شاعیری هەموو چینەکانی کۆمەڵگایە و دەکرێ بە ئاسانی لەسەر هەر شێعر و هەڵبەستێکی بنووسی، بەڵام زۆر ئەستەمە بتەوێ دێڕێک لەسەر کەسایەتی خۆی و ژیانی تایبەتی ئەو شاعیرە ئاشنا بە ڕەنجە، بهێنیتە سەر کاغەز. لەڕاستیدا بەهۆی هۆگریی مامۆستا بە گوندی منداڵیی خۆی و چوونی ڕۆژانەی و سەردانی لە باخ و باخاتی ئەو گوندە، زۆر کەم لە شار دەبینرێ و ئەوەندەش کە بتوانی دوای ماوەیەک گەڕان و پرسیار لە دۆستانی، لە شوێنێک بە دیداری بگەی، بێگومان ئەو شوێنە بەرزاییەکانی حەسەنئاوای سنە و ماڵی دایکییەتی. ئەو دایکەی کە خۆی گوتەنی هاتووە ئاگای لەو بێ تەنیا نەبێ، بەڵام ئەوە دایکیەتی کە ئاگای لە مامۆستایە و هێشتاش وەک منداڵێک وشک و تەڕی دەکاتەوە. ڕووداو: پێش هەرشتێک پرسیارم لەسەر بارودۆخی جەستەیی و ڕوحیی خۆتە و دەمەوێ بزانم ئێستا باری تەندروستیت چۆنە؟

مەلەکشا: باری سڵامەتیم باشە و هەروا کە دەمبینن هێشتا بە خۆشی و ئازایەتی دەژیم، نێو سروشت دەچم، کاروباری خۆم بەڕێوە دەبەم و لە هەمووی گرینگتر دەخوێنمەوە و دەنووسم.

ڕووداو: واتە ئێستاش شێعر دەنووسی؟ دواهەمین شێعرێک کە نووسیت کەی بوو؟

مەلەکشا: بەڵێ، ئەی مەگین دەکرێ نەنووسم؟ ئەی شاعیر بە چی شاعیرە؟ هەر بە نووسینی شێعرە کە دەتوانێ بڵێ من شاعیرم. منیش هەر دەنووسم و دواهەمین شێعرم یەک دوو شەو لەمەوبەر تەواو کرد.

ڕووداو: بە تێر و تەسەلی باسی خۆتمان بۆ بکە. باسی ئەو مێژووەی بووە هۆی دروستبوونی کەسایەتی جەلالی مەلەکشا. دەمانەوێ خوێنەرانمان بزانن لە کوێوە و چۆن دەستتپێکردووە و بە ئێرە گەیشتوون؟ سەرەتا لەگەڵ شێعری کوردی چۆن ڕووبەڕوو بوونەوە و چۆنتان مامەڵە لەگەڵ زمانی زگماکی خۆتان کردووە بۆ نووسینی شێعر؟ بە تایبەت لە سەردەمێکدا کە ڕەنگە نووسین بە زمانی زگماکی – ئەویش نووسینی شێعر- زۆر سەخت و ئەستەم بووبێت. ئەوەی دیارە و تا ئێستا لە زۆر جێگەدا باسی لێکراوە، ئێوە لە سەردەمی خۆتاندا، یەکێک بوون لە کەسایەتییە پێشەنگەکانی شێعری کوردی و تەنانەت جاروباریش زۆرێک لە قۆناغە جیاوازە ئەدەبییەکان و سەبکە تایبەتەکانی ئەو سەردەمە، ئێوە دەخەنە پاڵ خۆیان و وەک یەکێک لە داهێنەرانی ئەو ڕەوتە دیارانە ناوتان دەبەن. هەروا زۆر لە شاعیرانی بەناوبانگی وەک شێرکۆ بێکەس بە باشی باسی ئێوە دەکەن و وەک یەکێک لە باڵەکانی شێعری کوردی لە ڕۆژهەڵات ناوتان دەبات. لەو سەردەمەشدا هەندێک شاعیری دیکە کە ئێستا خۆیان دەنگێکی دیارن لە ئەدەبی کوردیی ڕۆژهەڵاتدا، لەگەڵ ئێوە بوون – وەکوو فەرەیدوون ئەرشەدی و ئیبراهیم ئەحمەدی نیا- کە گەشەیەکی تایبەتیتان بە شێعری ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات دا. دەمەوێ بە وردی باسی ئەو مژارە تایبەتەم بۆ بکەن.

مەلەکشا: سەرەتا پێمخۆشە خاڵێکی گرینگتر لەوانە بێنمە ئاراوە، ئەویش ئەوەیە کە دەبێ ددان بەوەدا بنێم من پیاوێکی گوندیم. واتە کەسێکم کە هێشتاش و هەمیشە هەر عاشقی گوند و سروشت و کشتوکاڵ و هەموو ئەو لایەنە گوندییانەم کە مرۆڤی مۆدێرن لێی وەڕەزن و لەگەڵی بێگانەن. هێشتاش هەموو وجوودی من بە گۆشت و پێست و ئێسقانەوە، هەر گوندییە و تاکوو بشمێنم لە گوند نابڕێم. هێشتاش لە گوندی خۆمان زەویم هەیە و ماڵیشم هەر لەوێ ماوە و دەخوازم تا کۆتایی تەمەنم هەروا بمێنمەوە. هەربۆیە ڕاشکاوانە دەڵێم ئەم خاڵی گوندنشینی و خۆشویستنی سروشتە لەلایەن منەوە، کاریگەرییەکی

ئەوتۆی لەسەر ڕوح و هزری من داناوە و هەمیشەش ئەو کاریگەرییە بە ڕوخساری شێعرەکانمەوە دەمێنێتەوە. هەر ئەم حەزە کارێکی کردووە کە هەمیشە هەموو هەوڵ و تێکۆشانی من لە پرۆسەی ئەدەبیی شێعردا ئەوە بێ ئاوڕی جددی لە بارودۆخی مرۆڤی گوندنشین بدەمەوە و هەوڵ بدەم شێعرەکانم هاواری گوندییەکان بن. بەڵام بەداخەوە بارودۆخی ژیانم بە بۆنەی پیشەی باوکمەوە کە کارمەندێکی دەوڵەتی بوو، ناچاری کردین بێینە شار. لە شاریشدا لە جێگایەک دەژیاین جێی ژیانی مودیری گشتیی ئەو سازمانە بوو کە باوکم کارمەندی ئەوێ بوو. ژیانی ئەوێش بە بۆنەی هاوسێیەتی لەگەڵ مودیری گشتی و دیکەی کارمەندەکانی، بووە هۆی ئەوەی کە ئاگاداری شێوازێکی دیکەی ژیان لە دەوروبەری خۆمان بین، ئەویش ژیانێکی بۆرژوازییانە و لوکسی شاری بوو. لێرەدا دژوازییەکی گەورە لە ژیانی مندا دروست بوو: ژیانی هەژارانەی ئێمە لە هاوسێیەتی ئەو ژیانە لوکسە بۆرژوازییانەی مودیر و کارمەندە باڵادەستەکان. بەراوردی ژیانی دوو کەسایەتی ئەم دوو بوارە – کرێکارێک و مودیرێک- دەبێتە هۆی تێڕامانی زیاتری منداڵێک کە هەموو خولیای ئەوەیە ببێتە شاعیر و هاوارەکانی خەڵکی گوندەکەی خۆی بە گوێی دنیا بگەیەنێت. ئەم دژوازی و پارادۆکسە کە لە هەموو شتێکدا بە ئاسانی دەبینرا، لە جلوبەرگەکاندا، لە شێوەی قسەکردنەکاندا، لە شێوەی هەڵسوکەوتی کەسەکاندا، لە شتومەکی نێو ماڵەکاندا، بە ئاسانی دەهاتنە بەرچاو، ببوونە هۆی ئەوەی کە زیاتر بیر لە ژیان و ئازارەکانی و کەموکووڕی و مەحروومبوونەکانی بکەمەوە. ئەم پارادۆکسە، ڕەنگە لە وجوودی مندا زۆر نەبووبێتە هۆی نەفرەت و ڕق، بەڵام جۆرێک بێزاری لە مندا بە نسبەت ئەو کەسانەوە کە بێ هیچ هۆیەک ژیانێکی خۆشتر و شاهانەتر لە ئێمەیان هەبوو، دروست کردبوو. جۆرێک جیاوازی و لە یەکنەچوون کە هەر ئەم جیاوازی و لەیەکنەچوونە بوو خەریکبوو وردە وردە ڕێگەی بۆ دەردەخستم و دەیبردم بەرەو شێعر و لە شێعریشدا کە ئاساییە ئەو دژوازییە ڕەنگدانەوەی خۆی هەبێت. لەڕاستیدا ئەو دژوازی چینایەتییەی کۆمەڵگەی ئێرانی – کە بە ئاشکرا لەنێو کورد و فارسدا هەبوو، ئێستاش هەر هەیە – ڕۆژبەڕۆژ زیاتر لە من و شێعردا باڵای کردووە و لە گەڵمان گەورە بووە. ئەو سەردەمە بە تایبەت لە نێو سیاسییەکاندا، زۆرتر باس لەو دژوازی چینایەتییە دەکرا و منیش هەر بەو دژوازییەوە سیاسەت و دواجار دەستم بە شێعر کرد. خەبات لە دژی ئیمپریالیزم و چینە بۆرژواکانی کۆمەڵگە، دەبوونە هەوێنی شێعرەکانم و بەم ڕوانگەوە هاتمە دنیای ئەدەبییەوە. تەنانەت یەکەمین زیندانیش کە چووم، هەر لە پێناو ئەو خەباتە بوو کە لەو سەردەمدا بە بۆنەی ڕوانگە تایبەتییەکانی مارکسەوە لە مندا شکڵی گرتبوو. چەند ساڵێک بەم بۆنەوە لە زینداندا مامەوە و دوای ئەوەش چەند جارێک بە بۆنەی بابەتی دیکەی وەکوو بابەتە نەتەوایەتییەکان کەوتمەوە زیندان و ئەم زیندان چوونانەم بووە هۆی ئەوەی لەگەڵ کەسایەتییە گەورەکانی ئەو سەردەمە و بەرهەمە ناوازەکانیان ئاشنا ببم. لە سەردەمی شۆڕشی سپیی ئێراندا کە ڕیفۆرمخوازییەکی جددی شکڵی گرتبوو، لە قوتابخانە و بەندیخانە، یەکێک لەو کەسانە بووم کە هەمیشە بانگەشەی ئەو خەباتە تازە لەدایکبووەم دەکرد و جاروباریش شێعرم لەو بارەیەوە دەنووسی و دەمخوێندەوە. ئێمە ئاوا گەورە بووین: بە زیندان و شاربەدەرکران و گرتن و ئەشکەنجە. منیش وەک زۆرێک لە شاعیرانی کوردی ئێرانی، لە خوێندنەوە و نووسینی شێعر بە زمانی فارسییەوە دەستمپێکرد. کەم کەم لەگەڵ شاعیرانی ناسراو و نەناسراوی ئەو سەردەمەی ئێران، پێوەندیم دروست کرد و لە کۆبوونەوەکاندا شێعرم دەخوێندەوە. تەنانەت جارێک چەند شێعرێکم بۆ ئەحمەدی شاملوو خوێندەوە (بە پێکەنینەوە) کە زۆر بە دڵی نەبوو، گوتی لەو شێوازە شێعرییە وەرە دەر، کاتی خۆت بەفیڕۆ مەدە لەوە زیاتر. لەگەڵ کەسانی دیکەش وەک خوسرەوی گوڵسورخی پێوەندی باشم هەبوو. چونکە شەو و ڕۆژ بە شوێن جەرەیانی سیاسیی ڕۆژی ئێرانەوە بووم و دەمویست سەری لێ دەربهێنم. نەک بە مەبەستی ئەوەی کە داخڵ بەو جەرەیانانە ببم، نا. زیاتر بە مەبەستی ئەدەبیات و شێعر وام دەکرد و دەمویست کار بکەم. نزیکیش بوومەوە لێیان. بەڵام کە لەگەڵ زمانی زگماکی خۆم ئاشنا بووم و زانیم بەو زمانە جوانتر و باشتر دەتوانم شێعر بنووسم، لەو جەرەیانانە دوورکەوتمەوە و زیاتر هاتمەوە بەرەو هەستە نەتەوایەتییەکانی خۆمان کە بە هەموو شێوەیەک پاماڵ کرابوون و لەبەرچاو نەدەگیران.

ڕووداو: سەرەتا کە دەستتان کرد بە نووسین بە زمانی کوردی، شێعرەکانتان لە چ ڕێگایەکەوە بڵاودەکردەوە؟

مەلەکشا: ئەو سەردەمە نە گۆڤارێکی وەها هەبوو کە تایبەت بێ بە شێعر و بابەتی کوردی، نە کەسیش بە جۆرێکی جددی بیری لە چاپ و بڵاوکردنەوەی کتێب دەکردەوە. زۆرتر لە کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمە سیاسییەکان بوو کە جاروبار هەلێک دەڕەخسا بۆ کەسانێکی وەک من شێعرێک بخوێنینەوە. ساڵانێکی زۆر دوای ئەوە کە کەم کەم گۆڤاری کوردی هاتنە ئاراوە، منیش لە گۆڤار و هەفتەنامەکان نزیک بوومەوە. ئەگەرچی زیاتر لەڕووی باندبازی و کەس و ئاشنا و ڕۆشناوە کارەکان چاپ دەکران، بەڵام من زۆر پێشتر لەوە و لە سەردەمی فارسی نووسینمدا، چەند کەسێکم پەیدا کرد کە بتوانم لە ڕێگەی ئەوانەوە خۆم دەرخەم. یەکیان حەسەنی موزەییەن بوو، یەکیشیان عەلیڕەزا تەبایی. ئیسماعیل خوویی و نووری عەلاش کەسانێک بوون کە زۆر هەوڵیان دەدا یارمەتیم بدەن لەو بوارەدا. گۆڤارێکی بەرشکەستەمان گرتەخۆ بە نێوی "ئومیدی ئێران" کە بە شێوازێکی جددی توانیمان گەشەی پێ بدەینەوە و ناوی بخەینەوە نێو ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمەی ئێران و تەنانەت تیراژی گۆڤارەکەش تا ئاستێکی باش چووە سەر. هەر ئەو کارە بووە هۆی ئەوەی کە تا ڕادەیەکی باش بناسرێم و لەو ماوەدا کەسانێکی جددی داوای بابەتیان لێکردم بۆ چاپ. ئەوە بۆ من زۆر سەرسوڕهێنەر بوو. لەو کاتەدا خوسرەو گوڵسورخیش لەگەڵ خێزانی گۆڤارێکی چاپ دەکرد بە نێوی "ڕازی گوڵی سوور" کە گۆڤارێکی زۆر پرۆفێشناڵ بوو. هەموو ژمارەیەک بابەتی منی چاپ دەکرد و بە تایبەت

ژمارەی شەش یا حەوت بوو کە دۆسییەیەکی تایبەتی لەسەر من کردبووەوە و تێیدا کەسانێکی زۆر لەسەر شێعرەکانم نووسیبوویان و ژمارەیەکی باشی شێعرەکانیشمی پاشکۆی دۆسییەکە کردبوو کە بە گشتی نزیکەی 40 لاپەڕەیەکی دەگرتەوە. گوڵسورخی خۆمی خۆشدەویست و تەنانەت چەند جاریش هاتە ماڵمان و زۆر نزیک بووین پێکەوە. لە بواری ناسرانی شێعرەکانیشم بە زمانی کوردی، دەتوانم بڵێم زیاتر لە دوای شۆڕشی ئێرانەوە و بە تایبەت لە گۆڤاری سروەی ئەو سەردەمەدا بوو کە ئاوڕێکی باش و جددیی لە ئەدەب و هونەری کوردی دەدایەوە. زۆربەی ژمارەکانی سروە بابەتی من تێدابوو، ماوەیەکیش تەنانەت هاوکارییەکی جددیی ئەو گۆڤارەم کرد و هەر ئەوە بووە هۆی ئەوەی کە شێعرەکانی من بە زمانی کوردی زیاتر ئاوڕیان لێبدرێتەوە و تەنانەت کەسایەتییە گەورەکانی ئەدەبی کوردیش لوتفی خۆیان نواند و لەسەر کارەکانی من قسەیان کرد. سەردەمێک لەگەڵ خوالێخۆشبوو مارف ئاغایی بە شوێن کۆبوونەوە و ساغکردنەوەی کارەکانی سوارەی ئیلخانیزادە کەوتین و توانیمان لەو بوارەشدا زۆر کار بکەین. بە گشتی هەموو ئەو هەوڵانە بوونە هۆی ئەوەی کە کەم کەم لەنێو کۆمەڵگەی ئەدەبدۆستی کوردیدا جێگە و پێگەیەکی دیار بەدەستبهێنم و شێعرەکانم ئاوڕی جددییان لێ بدرێتەوە.

رووداو: چەنێک لەو گۆڕینی زمانی نووسینە خۆشحاڵیت و ئایا هەست دەکەیت بەو کارە غەدرت لە خۆت کردووە یان نا؟

مەلەکشا: من نەک تەنیا پەشیمان نیم لەو کارە، بەڵکوو زۆریش شادمان و رازیم. چونکە ئەوەی ڕاستی بێ ئێمە تەنانەت ئەو کاتەش کە خەریکین بە زمانێکی دیکەی جگە لە زمانی خۆمان دەنووسین، لەڕاستیدا خەریکین خۆمان تەرجەمە دەکەینەوە و ئەو جۆرەی کە زمانی دایکیمان شارەزای هەموو کەلوکونەکانی بیروهزری مرۆڤانەی ئێمەیە بۆ دەربڕینی هەست و سۆزمان، زمانێکی دیکە ناتوانێ ئەو کارەمان بۆ بکات. هەموو هەستێکی ئێمە بە زمانی دایکیمانە و هەر بەو زمانەیە کە وەرگری ئێش و ئازارەکانمان و خۆشحاڵی و شانازی و سەربەرزی و دیکەی هەستەکانمان دەبین. کەواتە تەنیا بەو زمانەشە دەتوانین بە باشی بەیانی بکەینەوە. زمانی ئێمە زیاتر پێویستی بە کار و خزمەت هەیە و دەبێ هەرکام لە ئێمە لە جێگەی خۆمانەوە هەوڵی بۆ بدەین کە زیاتر گەشەی پی بدەین و ڕازاوەتری بکەین. بۆیە هەرگیز پەشیمان نیم لەوەی ڕێگەی خزمەت و گەشەدان بە زمانی دایکیم هەڵبژارد و لەم ڕێگەیەشدا ڕەنگە چەرمەسەری و لەمپەرگەلێکی زۆرم لەسەر ڕێ بووبێ، بەڵام ئێستا کە ئاوڕی لێ دەدەمەوە، پڕ بە دڵ رازیم لە هەموو ئەو ئازارانەشی لەپێناو ئەو زمانەدا کێشاومە.

رووداو: لە پێشانگای کتێبی ئەمساڵی سنە کە لەم ماوەدا بەڕێوەچوو، کتێبی کۆی بەرهەمەکانی بەڕێزتان وەکوو کتێبێک کە لەنێو کتێبەکانی دەزگای چاپی پانیزدا زیاترین فرۆشی هەبوو، ناوی برا، هەروەها کتێبی کارەساتیش لە ڕیزی سێیەمی دەزگای کالێجدا ناوی هاتبوو. بە گشتی ئەمساڵیش و زۆرێک لەو ساڵانەی کە کتێبەکانی بەڕێزتان لە پێشانگای کتێب پێشکەش کراون، فرۆشێکی باشی بووە و پێشوازییەکی بێ وێنەی لێ کراوە. ئەم پێشوازی و فرۆشە باشە، هیچ داهاتێکی بۆ ئێوە هەیە؟ یاخود بڵێم ئەو دەزگایانەی کە کتێبەکانی بەڕێزتان چاپ و بڵاودەکەنەوە، لە داهاتی فرۆشی ئەو کتێبە کە جاری وایە بە چەندین چاپ دەگات، بەشی ئێوە چۆن حسێب دەکەن؟

مەلەکشا: بەڵێ. ئەوە زۆربەی ئەو کتێبانە کە ئەمساڵ ئەو فرۆشە باشەیان هەبووە، چاپی دووهەم و سێهەم و تەنانەت پێنجەمیشی بووە. بەڵام بە داخەوە بەشی ئێمە لەو پێشوازییە باشانەی کە لێیان دەکرێ، لە سەدا دە و دوازدەیە و ئەمە زۆر بەشێکی کەمە بۆ کەسێک کە بە ڕاستی ماندوو دەبێ بە بەرهەمهێنانی ئەو کتێبەوە و دەکرێ بڵێم بۆ کەسێک کە تەمەنی خۆی لەسەر نووسینی شێعر داناوە و هەموو ئەو شێعرانەش دەبن بە کتێبێک کە داهاتی ڕەنج و ئێش و چەرمەسەریی ژیانێتی، بەڵام خۆی بەشێکی زۆر کەم لە لایەنە پۆزەتیڤەکەی – کە چاپ و بڵاوبوونەوە و فرۆشی کتێبەکانە- دەستی دەگرێت. بە گشتی بارودۆخی هەموومان وایە و هیچمان لەوە باشتر نین، تازە دەکرێ بڵێم کە ئەو بەشە دە دوازدە لە سەدییە، بۆ من ئاوا حسێب دەکرێ، ئەگینا بۆ شاعیران و نووسەرانی دیکە زۆر لەوە کەمترە و ڕەنگە هەر نەشبێت. بەڵام چاری ناچارە و هیچی لەگەڵ ناکرێ. وایان لێکردووین تەنیا بەوە ڕازی بین کە شکور کتێبەکانمان چاپ دەبن و دەچنە بەردەستی خوێنەر، ئیتر هیچیشمان لێی دەستنەکەوت، کێشە نییە. ئەمە فەزای ناپرۆفێشناڵبوونی ئەدەب و کولتوورە لەم وڵاتەی ئێمەدا و هیچیشی لەگەڵ ناکرێ. هەڵبەت هەندێک لەو وەشانخانانە باشترن و بەشێکی زیاتر بۆ من حسێب دەکەن، بەڵام بە گشتی کێشەکە هەر هەیە و چارەسەری ئەستەمە.

رووداو: لە باشوور- لە شارەکانی هەولێر و سلێمانی- و لەلایەن دەزگای چاپ و پەخشەکانی ئەوێوە، تا ئێستا هیچ پێشنیارێک بۆ چاپی کتێبەکانتان هەبووە؟ بە تەما نین ڕۆژێک لە ڕۆژان کۆی کتێبەکانتان لەوێش چاپ بکەن؟

مەلەکشا: بێگومان. تا ئێستا لەلایەن دۆستی ئازیزمەوە کاک ئازاد بەرزنجی لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، چەند جارێک پێشنیاری ئەوەم پێدراوە کە ئەو کارە بکەم. بەڵام بەداخەوە هەر جارەی بە بۆنەیەکەوە، دواکەوتووە و نەکراوە. بە دڵنیاییەوە لە باشوور ژمارەیەکی باشی خوێنەری ئەدەبیمان هەیە کە زۆربەی ئەو خوێنەرانە بە جۆرێک لەگەڵ شێعرەکانی من ئاشنان و خوازیاری کتێبەکانم هەن. بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەخۆشی و نەتوانینی منەوە، تا ئێستا نەکراوە بچمە ئەوێ و گرێبەستیان لەگەڵ بکەم بۆ چاپی کتێبەکانم. هەڵبەت چەند ساڵ لەمەوبەر چووم و تەنانەت لەلایەن بەڕێز مەسعود بارزانیشەوە پێشنیاری مانەوەم پێدرا و تەنانەت ماڵ و ژیانێکی باشیشیان خستە ئیختیاری خۆم و دایکمەوە، بەڵام نەمتوانی و بەهۆی ئەوەی کە دڵم تەنیا لەم شارە ئۆقرە دەگرێت و دەحەسێتەوە، گەڕامەوە.

ڕووداو: ئەگەر جارێکی دیکە لەدایک ببیتەوە، ئامادەی دیسان ببیتە شاعیر؟ پێت خۆشە ئەگەر وابوو، بە چ زمانێک لە دایک ببیتەوە و ببیتە شاعیری چ زمانێک؟

مەلەکشا: ئەرێ و نا. بێگومان، ئەگەر جارێکی دیکە لە دایک ببمەوە پێمخۆشە ببمە شاعیر، بەڵام نەک شاعیرێک کە شێعر دەنووسێ. من لە شاعیربوون پەشیمان نیم. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ هەموو خواست و حەزی من ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە لەدایکبوومەوە، شاعیر نەبم. واتە لە ڕێگەی شێعر نووسینەوە نەژیم. بەڵکوو حەزم لە کشتوکاڵە و خۆزگەم دەخواست لە گوندێک لە دایک ببمەوە کە هەر لە منداڵییەوە خەریکی کشتوکاڵ بم، بەڵام بە ڕۆحێکی شاعیرانەوە. شاعیربوون ژیانی منی بە قوڕدا بردەخوار و هەرگیز هیچ خزمەتێکی ئابووریی بە من نەکرد. بەڵکوو ئەوەشی کە بووم لێی سەندم و لە ڕێگەی ئەدەب و شێعر و کتێبدا، پێی خەرج کردم. بۆیە پێم خۆش نییە ببمەوە بە شاعیر، بەڵام ئاواتم ئەوەیە ئەگەر جارێکی دیکە ئەو هەلەم بۆ بڕەخسێ، جووتیارێکی شاعیر بم.

## نیشتمان

که خۆم ناسی!
وتم دایه: ئەمن کێم و چیم؟
خەڵکی کام شار، کام وڵاتی سەر زەویم؟!
وتی: ڕۆڵە! تۆ کوردی و دیل و هەژاری
نیشتمانت کوردستانە! بەڵام ناوی نیشتمانت
لەسەر نەخشەی جوغرافیای جیهان نییە، بێ نیشانە!
وتم: دایە! باوکم کوانێ؟ بۆچی هەرگیز دەستی حەزی نەگووشیوم؟
بە کام تاوان من هەتیوم؟ وتی: ڕۆڵە! ڕۆژێ کاتێ داگیرکەران شاریان سووتاند! تفەنگی مافی کردە شان ڕووی کردە ئاسۆی سەربەستی
لێزمەی خوێنی گەشی لەشی بەسەر لێوی خاکا پژاند!
وتم: دایە! ئەی براکەم؟ شەپۆلی خەم، ئاوی ماتەم
گۆمی چاوی پڕ کرد لە ئەستێرەی فرمێسک
وتی: ڕۆڵە! لە کازیوەی وەرزی ڕەشا لاشەیان کردە نیشانە
سەری کاسی خەمەکانی بردە ژێر خاک گیانی پاکی کردە فیدای،
سەربەستی ئەو کوردستانە!
وتم: دایە! ئەی من چ بکەم؟
هەستا سەر پێ، تفەنگێکی برنۆ کورتی بزمارڕێژی دایە دەستم
وتی: ڕۆڵە! ئەی هەی هۆی ئاوات و مەبەستم!
دەیان ساڵە لە چوار لاوە کوردستان دیل و یەخسیرە
دەست و پێ زنجیر کراوە
ڕێبازی خوێن بگرە و برۆ
دۆعای گەلی چەوساوەی کورد،
لە پشتی تۆ! سنوورەکان بشێوێنە
کوردستانم بۆ بێنەوە با بە دەوریا بسوورێمەوە
کوردستانم بۆ بێنەوە با دانیشم لەتە لەتە وڵاتەکەم بدوورمەوە!

## کێشەی موچە، کێشەیەکی کۆنی نەبڕاوە



**هاوشێوەی کێشەکانی داگیرکاری موڵکوماڵ، فەسادی ئیداری، ئەخلاقی، ئەمنی و هتد.. لەم ناوچەیە، بە تایبەت ناوچەی سلێمانی. کێشەی موچە، کێشەیەکی کۆنە و ئێستاش دوای یەک قەڕن، بەردەوامە. سەبارەت بەو کێشەیە شێخ نوری شێخ ساڵەح لە ساڵی ١٩٤٩دا شیعرێکی ناوازەی داناوە، کە یەکێکە لە شیعرە جوانەکانی ئەو شاعیرە گەورەیەی کورد. بێجگە لەوە پێشتر و بە چەند دەیەیەک دوای خۆشی، بێجگە لە چوارینە یا ئاماژەدان بە دودێڕ، یان کەمتر، هیچ شاعیرێکی تر لەو بارەیەوە شیعری نەوتوە.**

**موچەی مووەزەف**

هەر خارو خەسی شوومییە، گوڵزاری مووەزەف
کاوول بوە، جێی کوندە بوو شاری مووەزەف
خوێنی جگەرە بۆتە شەراب و مەیی مەئموور
دەنگی دڵە، ئاوازی نەی و تاری مووەزەف
(مەئموور) وەکو شێخ هۆمەر و (وەزعیش) بە میسلی مار
خۆڕایی نیە، ناڵەو هاواری مووەزەف
ناکا بەشی قاوەڵتیی ڕۆژێکی من ئەمساڵ
صەد خۆزگە بە دینارێکی پێراری مووەزەف
هێند عاجزی قەرزارییە، هەر گەییە سەری مانگ
کافر بێ بە جەستەی دڵی غەمباری مووەزەف
صەد درهەمە، نۆتێکی ئەم و ئەو لە رەواجا
پارە، یەک و پێنجیش نیە، دیناری مووەزەف
ئەستێرەی سەر شانی من و تۆ بوو وەزیفە
دوێنێ، کەچی ئەمڕۆ بووەتە باری مووەزەف
وا پایزی غەم، باخی بەهاری فەرەحی کوشت
غونچەی گڵەزەردە، گوڵی گوڵناری مووەزەف
وەزعی دڵی ئەمساڵی مەعاشم کە ئەبینم
صەد خۆزگە ئەخوازم بە دڵی پاری مووەزەف
یارەبی ئەوەی دوژمنە بەم میللەت و خاکە
بێ حورمەتی کەی، هەر وەکو دیناری مووەزەف.

# سەلڤادۆر ئالیندی و ولیام یۆحەننا

**ئاسۆس هەردی**



**"بۆ خاریجی چی بچم؟ ئەوەتەی من هەم سرودی (خوایە وەتەن ئاوا کەی) بەقوتابی ئەڵێمەوە".**

مارکیز لە کتێبی (سەفەرەکەی میگیل لیتین)دا دەگێڕێتەوەو دەڵێ: سەلڤادۆر ئالیندێ لە یەکێک لە گەڕانەکانی بەناو خەڵکدا، هاولاتییەک دەبینێ کە بە تەنیا لافیتەیەکی بەرزکردۆتەوە، لەسەری نووسراوە "ئەم وڵاتە گووە! بەڵام وڵاتی منە". ئالیندێ لە ئۆتۆمبیلەکەی دادەبەزێ و دەچێ بە گەرمی دەستی هاولاتییەکە دەگوشێ و پێی دەڵێ: "منیش هەمان بۆچوونی تۆم هەیە"! ئەم وڵاتە چەندە پڕیش بێت لە ناشرینی و ناتەواوی، وڵاتی ئێمەیە.

سەلڤادۆر ئالێندێ پزیشک و سیاسەتمەدارێکی چەپی وڵاتی چیللی بوو. لە ساڵی ١٩٧٠داو لە هەڵبژاردنێکی ئازاددا بووە یەکەمین سەرۆکی هەڵبژێردراوی ئەو وڵاتە. بەڵام ساڵی ١٩٧٣ جەنەراڵ ئۆگۆستۆ پینۆشێ بە پشتیوانی ئەمەریکاو دەزگای موخابەراتی (سی.ئای.ئەی)، کودەتای بەسەردا کردو لەسێدارە درا. نزیکەی نیو سەدە دوای ئەوە، لە وڵاتێکی دوور، لە وڵاتێک کە تەنانەت ناویشی لەسەر نەخشەی جیهان نیەو رەنگە سەلڤادۆر ئالیندێ و هاوڵاتییەکەی هیچیان لە بارەوە نەزانیبێت (ئەمە ئەگەر ناویشیان بیستبێت)، هونەرمەندێکی گەورە بەڵام تەنیا، بێدەنگ و لەسەرخۆ... هاوڕێ و قوتابییەکانی لێی کۆدەبنەوە، باسی هەلومەرجی وڵاتەکەیان دەکەن. باسی ئەوە دەکەن کە ژیان لەم وڵاتەدا نەماوە. ئەو حوکمە کوردییەی ئاواتی هەموومان بوو، لەبری ئاوەدانکردنەوە، وڵاتی وێران کردووە. وڵات پڕە لە ناعەدالەتی، گەندەڵی، ترس و تۆقاندنی خەڵکی ئازادیخوازو هەقبێژ... بۆیە یەکێک لە قوتابییە دڵسۆزەکانی پێی دەڵێ: مامۆستا بۆ ناچی بۆ خاریج...؟

ئەویش لە وەڵامدا بە هێمنی و ویقارەکەی خۆیەوە دەڵێ: "بۆ خارجی چی بچم؟ ئەوەتەی من هەم سرودی (خوایە وەتەن ئاوا کەی) بەقوتابی ئەڵێمەوە".

بەمەش جگە لە وانەکانی هونەرو موزیک، گەورەترین وانەی نیشتمانپەروەری بۆ قوتابییەکانی و بۆ ئێمەش بەجێدێڵێ. ئاخر دەشێت وڵاتەکەی ئێمە "لانەی شێری نەبەردو ئاوی کەوسەرو خاکی گەوهەر" نەبێت! دەشێت ئەم نیشتمانەی ئێمە پڕ بێت لە ناعەدالەتی، ناشرینی، ستەم... هتد.

هەمووومان دەزانین کوردستان لانیکەم لە رووی جوانیی سروشتییەوە "بەهەشتی سەرزەمین" نیە، بەڵکو وەکو مامۆستای شیعری کوردی شێرکۆ بێکەس دەڵێ: "وڵات زۆرە لە کوردستان شۆخ و شەنگتر، باڵابەرزتر، خوێن گەرمتر...". هەمووومان بەشی ئەوەی تووڕەو بێزار بین لەم وڵاتە، پاساومان هەیە. رەنگە بەشی هەرەزۆری ئەو پاساوانەش راست بن و لەجێگەی خۆیاندا بن، بەڵام دواجار ئەمە نیشتمانی ئێمەیە، بە هەموو جوانی و ناشرینییەکانییەوە. بۆیە دیسان وەک شێرکۆ بێکەسیش دەڵێ وڵات زۆرە لە کوردستان جوانتر بێت، بەڵام "وڵات نیە لە کوردستان خۆشەویستتر". خۆشەویستییەک... بێمەرجەو کۆتایی بۆ نیە. باوانی مامۆستا ولیام یوحەننا خیزانێکی هونەرپەروەری مەسیحی بوون، زریانی جەنگی یەکەمی جهیانی لە وڵاتی خۆیان هەڵی کەندبوون و لە کوردستان و لە شاری سلێمانی گیرسابوونەوە. ئەو لە سلێمانی لەدایک بوو بوو، چاوی بە شاخی رەنگاوڕەنگی گۆیژە هەڵهێنابوو، گوێی بە لوورەی رەشەبای سلێمانی زرنگابۆوە، رۆحی لە سەرچاوەی شیعرو سروودەکانی پیرەمێردو زێوەرو حەمدییەوە تێراو بوو بوو. کوڕی راستگۆو دڵسۆزی ئەم نیشتمانە بوو. لیرە ژیاو هەر لێرەش نێژرا.

ئەو... نەک هەر مامۆستای مامۆستاکانی موزیکی کوردی بوو لەم بەشەی نیشتمان، بەڵکو هەتا دوا ساتەکانی ژیانی فێری هونەرو نیشتمانپەروەریی کردین.

**رۆحت شاد مامۆستای مەزن... خوایە وەتەن ئاواکەی**

# وێنەیەک لە مێژوودا

## سەردانی ڕەزاشا بۆ لای سمکۆی شکاک............



ئیبراهیم خواجە نووری لە کتێبەکەیدا دەنووسێ: ڕەزا شای گەورە بۆ ئەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی پیشانی خەڵکی ناوچەی ئازەربایجان بدات، ڕۆژێک لە ساڵی ١٣٠٤ کە دەکاتە (١٩٢٥ - ١٩٢٦) لە ڕێگەی تەوریزەوە لەگەڵ ئەوهێزەی کە هەبوو چوو بۆ (سەرەند ، خۆی، ماکۆ) لەوێوە بەرەو شاپوور ڕۆیشت. ئەو بەروارەی ئیبراهیم خواجە باسی دەکات هەڵەیە ڕاستی یەکەی سەرەتای ساڵی ١٩٢٢ بووە. بەر لەوەی بگاتە ئەوێ داوا لەسەرۆک عەشیرەتەکان کرابوو کە پێشوازی لە سەرداری سوپا بکەن، لەو ڕۆژەدا عەبدوڵای تەهماسپی لێپرسراوی سەربازی تەوریز بووە، سمکۆ بە خۆی و ١٢٠٠ سوارەوە گەیشتە (میانجق) و چاوەڕوانی گەیشتنی سەرداری سوپای دەکرد. سمکۆ سوارەکانی خۆی کردبوو بە سێ بەشەوە. بەشی یەکەم ئەو سوارانە بوون کە هەموو ئەسپەکانیان سپی و بەرگەکانیشیان ڕانک و چۆغەی سپی بوو، دەستەی دووەم ئەسپەکانیان (سور) سوارەکانیشیان بەرگەکانیان سور بوو، دەستەی سێ هەم ئەسپەکانیان ڕەش و سوارەکانیشیان ڕانک و چۆغەی ڕەشیان لەبەردا بوو. سمکۆ و سەرکردەی عەشایەرەکان ڕانک و چۆغەی شێروانیان لەبەرابوو ، کە ڕەزاشا و سمکۆ یەکدەبینن ڕەزاشا لە ئوتومبیلەکەی دێتە خوارەوە و سوارەکانی سمکۆ بەو شێوەیە دەبینێت، کە هەر یەکەیان جۆرە شەدەیەکیان بەستووە و پشتوێن لە قەدو دەمانچە بەلایدا شۆڕ بۆتەوە لە دڵیشەوە لەسەر لێو و ڕوخساریان نیشانەی ڕق و پەستی دەبینرا. ڕەزا شا لەو دیمەنە تەواو نیگەران بوو، ڕوو ئەکاتە عەبدوڵڵای تەهماسپی و ئەڵێ ئایا ئەمانە هەر ئەو کوردانە نین کە کاتی خۆی خەنجەرەکانیان لە پشتێنەکانیان دەرئەهێناو پرچی ژنان و کچانیان پێ ئەبری و خەنجەرەکانیان ئاراستەی سنگی پیاوەکانمان دەکرد؟ پاشان ڕەزاشا و سمکۆ بەیەک ئەگەن سمکۆ لە ئەسپەکەی دێتە خوارەوە و سڵاو بۆ ڕەزا شا دەڵێ: ئەو کارەبێ بەزەیی و دڵڕەقانەی تۆ کردووتە لە مێژوودا وێنەیان نییە، بەڵام مادام لەلایەن سەردارانی سوپاوە دڵنیاکرابووە پێی ووت کە هیچت لێ ناکرێ بە مەرجێک واز لە کردەوەکانی پێشووی بهێنێت. کە ڕەزا شا چوو بۆ ئەو ناوچەیە تەنیا ٤٢ چەکداری لە گەڵدا بوو، لە کاتێکدا سمکۆ ١٢٠٠ چەکداری لەگەڵدا بووە، هەروەک ڕەزا ڕەفیع ووتویەتی سمکۆ نزیکەی ٤٠٠٠ چەکداری تری لە دەوروبەر کۆکردبۆوە. سەرداری سوپا زۆر بەسارییەوە لەگەڵ سمکۆ دا جوڵایەوە و بڕیاریاندا کە ڕووبکەنە کۆنەشار. سمکۆ شوێنێکی ئامادە کردبوو کورسی و مێزی لێدانابوو هەتا ڕەزاشا ئیسراحەت بکات. ڕەزا شا لەسەر کورسی یەک ڕووبەڕووی سمکۆ دادەنیشێ. سەرداری سوپا و هاوڕێکانی ترسی ئەوەیان لێنیشت کە چەکدارەکانی سمکۆ لە ناکاو پەلاماریان بدەن. لە هەمان شوێندا دوای نان خواردن چەند ژوورێک بۆ ئیسراحەت ئامادە کرابوو، هەرکەسەو چووە ژووری خۆی، یەکێک لە ڕەوشتەکانی ڕەزا شا ئەوەبووە، کە هەموو شەوێک پێش خەوتن دەست و قاچی شتووە ئەوسا چۆتە ناو جێگا و ئەنووست ، بەڵام بە ڕەزای ڕەفیع ی دەڵێ: من لەم کابرا دڕندە و بەخوێن تینووە دڵنیانیم، چونکە هەر ئاماژەیەکی بچوکی ئەو بەسە بۆ ئەوەی کارەساتێکی جەرگبڕمان بەسەردا بێت، ڕەزا ڕەفیع پێی دەڵێ لەم ڕووەوە عەبدوڵڵای تەهماسپی پێشبینی خۆی کردووە و هەمیشە لەگەڵیان ئاگاداری یەکترن. بۆ ئەوەی سمکۆ بە شتێکەوە خەریک بکرێ ئاغای بزورگ ئیبراهیمی نائیبی یەکەم ڕاسپێردرا کە بە قسەوە خۆی لەگەڵ سمکۆ خەریک بکات بە یاری تاوڵەکردن لەگەڵیا شەو ببەنەسەر وابکا لەو یاریکردنەدا پارەشی پێ بدۆڕێنێ. ئیبراهیم ناچار بوو تا بەیانی بە تاوڵەکردنەوە سمکۆ بخلافێنێ ، بەیانی زوو سەرداری سوپا و هاوڕێکانی کە هەتا بەیانی چاویان نەچووبوە خەو لە ترسا سواری ئوتومبێلەکەیان بوون و بەبێ ماڵئاوای کردن لە سمکۆ و کۆنەشاریان بەجێ هێشت و ڕوویانکردە ورمێ ولەڕێگادا خێرا لێیان دەخوڕی و زوو زوو ئاوڕیان ئەدایەوە بۆ ئەوەی بزانن ئایا سمکۆ و سوارەکانی دوایان نەکەوتوون بۆ نانەوەی هەرایەک یان نا. سمکۆ کاتێک بەخۆی زانی مەل لە قەفەز فڕی ئەگەرچی هەزار تمەنیشی بردبۆوە، بەڵام لەو ماڵئاوایی نەکردنە زۆر لای گران و پەست بوو. ئەوەندەی تر قینی بەدڵدا چوو دژی دەوڵەت. سمکۆ هەڵەیەکی مێژوویی کرد، کە ڕەزاخان و هاوەڵەکانی نەکوشت. دوای ڕۆیشتنیان ئینجا بیری کردەوە کە ئەبوایە بیکوشتایە چونکە دوای ئەوە خودی خۆی چەند جار دەیوتەوە: مادام من ڕەزا خانم نەکوشت، سەر ئەنجام ئەو من دەکوژێت یەکێکی تر لە خەسڵەتەکانی عەشیرەتی شکاک ئەوەیە دوای دوژمنی هەڵاتوو ناکەون، ئەگەر سەیری گشت شەڕەکانی سمکۆ بکەین هیچ کاتێک دوای لەشکری بەزیوو نەکەوتوون، دەنا ئەگەر سمکۆ بیویستایە ئەیتوانی هەر بە سوارەکانی پێش بە ڕەزاخان و هاوەڵەکانی بگرێ چونکە سوارچاکی و شارەزایی شکاکەکان بێ وێنە بووە بەڵام وەکو باسمان کرد شکاک دوای کەسانی هەڵاتوو ناکەون.

**بەڕێزەوە لە فەیسبوکی: (ئەنجومەنی عەشیرەتی شکاک) وەرگیراوە**

# عێراقی ئاڵتونی



منظر عام لباب الشرقي في بغداد
بغداد ـ ١٩٥٧

١- لە ساڵی 1937 شانشینی ئوردەن داوای کرد بە عێراقەوە بلکێندرێ چونکە ئوردەن هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نەبوو تاوەکو گەل و وڵاتەکەی پێ بژێنێت.

٢- لە ساڵی 1939 کوێت داوای کرد بخرێتە پاڵ عێراق تاوەکو سوودمەند بێ لە خزمەتگوزارییەکانی وەک ئاوی سازگارو پەروەردو تەندروستی.

٣- لە ساڵی 1952 قەبارەی قەرزە کەڵەکەبووەکانی سەر حوکمەتی بەریتانیا 50 ملیۆن دۆلار بوو , لەو کاتەدا باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق داوای لە باڵوێزی عێراق کرد لە لەندەن تاوەکو بە پەلە قەرزەکانی بۆ دەفع بکات.

٤- لە ساڵی 1956 قەبارەی هەناردەی گەنمی عێراق بۆ هەر یەک لە بەریتانیاو فەرەنساو ئیتاڵیا سێ ملیۆن تەن بوو.

٥- لە ساڵی 1954 عێراق یەکەم وڵاتی عەرەبی بوو تەلەفزیۆنی هاوردەکرد , ئەویش دوای ئەوەهات پێشانگایەکی گەورە لە شاری بەغدا کرایەوە لە نێو پێشنگاکە کۆمپانیایەک تەلەفزیۆنی نمایش کردبوو , وەزیری مەعاریفی عێراقی سەرەتا چەندین تەلەفزیۆنی کڕی بۆ قوتابخانەکان وەک میکانیزمی فێرکردن , پاشان دوو ساڵی نەبرد لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵی دووەم یەکەم وێستگەی تەلەفزیۆن لە ساڵی 1956 لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرایەوە.

٦- لە ساڵی 1959 جەمال عەبدولناسر کەنداوی سوێسی بە ڕووی کەشتیەکانی عێراق داخست , چونکە لەو کاتەدا کەشتیەکان کەلوپەلیان لە عێراقەوە بۆ ئەوروپا دەگواستەوە , بەمەش عەبدولناسر ویستی گوشار بخاتە سەر حوکمەتەکەی عبدالکریم قاسم.

٧-لە ساڵی 1961 ژمارەی کرێکارە بیانیەکان لە عێراق دەگەیشتە 85 هەزار کرێکار , ئەمەش ژمارەیەکی ئێجگار زۆر بوو بە بەراورد بە دانیشتووانی عێراق کە لە نێوان 5 بۆ 7 ملیۆن کەس دەبوو.

٨- لە ساڵی 1964 ڕێژەی بەشداری پشکی کەرتی تایبەت لە بواری کشتوکاڵ و پیشەسازی گەشەی کرد بۆ لە 64% زیاتر.

٩- لە ساڵی 1967 عێراق هاوکاری بەپەلەی گەیاندە دانیشتوانی ئیمارات کە پێک هاتبوو لە 4 ملیۆن مەتر مکعب ئاوی خاوێن , 50 هەزار تەن ئارد , 27 هەزار پارچە جلوبەرگ , 5 هەزار تەن خورما.

١٠- لە ساڵی 1968 عێراق 5 تەن دەرمانی بە 100بارهەڵگر لە کارگەی بابل نارد بۆ میسر پاش نسکۆی ساڵی 1967.

١١- لە ساڵی 1971 ژمارەی ئەو عێراقیانەی گەشتیان کردبوو بۆ ئەوروپا و لوبنان زیاتر لە 70 هەزار کەس بوو , لە کاتێکا ژمارەی دانیشتووانی عێراق لە کاتەیا 8.5 بوو.

١٢- لە ساڵی 1978 داهاتی تاکە کەس لە عێراق گەیشتە 7 هەزار دۆلار لە ساڵێک دا , عێراق لە ڕیزبەندی سێیەمی جیهان بوو لە پاش ئەمریکاو بەریتانیا لە بەرزی داهاتی تاکە کەس.

١٣- لە ساڵی 1979 عێراق 5 خەڵاتی لە یونسکۆ وەرگرت پاش ئەوەی ڕێژەی نەخوێندەواری نزم بۆوە بۆ کەمتر لە 10% , بەمەش توانی پێش یاپان و کۆریای باشوورو چین و ئیسپانیاو ئیسرائیل بکەوێت , یەکێک لەو پێنج خەڵاتە بریتیبوو لە خەڵاتی باشترین پەروەردە لە ئاسیاو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

١٤- عێراق تاکە وڵاتی عەرەبی بوو خاوەنی پاسی دوو نهۆمی سوور بێت لە چلەکانی سەدەی ڕابردوودا...!!

**وەرگیراوە**

# (زەریاب) لە دیدی ڕۆژهەڵاتناسانەوە




حەسەنی کوڕی عەلی کوڕی نافع ناسراو بە (زەریاب) ٧٨٩ ی زاینی بۆ ٨٥٧.... ٦٨ ساڵ داهێنان لە ژیانی خۆیدا.

- ڕۆژهەڵاتناسی فەرەنسی تۆمابوا، سەبارەت بە زەریاب دەنووسێت:- (مۆسیقا ژەنی ناسراو زەریاب کە ژێی پێنجەمی بۆ عود زیادکرد لە سەردەمی عەباسیەکاندا ئەو لە ئەسڵدا کوردبووە)

- خانمی مێژوونووسی ئاڵمانی (زیگرید هونکێ- ١٩١٣ - ١٩٩٩ Sigrid Hunke) لەبارەی زەریابەوە دەنووسێت: (کوڕە گەنجێکی کورد بەناوی زەریاب قوتابی بوو لە خوێندنگای مامۆستا ئیسحاقی کوڕی ئیبراهیمی موسڵی، ئەو توانیەکی زۆر بەرزی هەبوو لە زانستەکانی مۆسیقادا)

- مێژوونووسی ئیتاڵی (جولیان ریبێرا) دەنووسێت:- (پێکهاتەی گۆرانیەکان و چەندین ئاواز بۆ یەکەمین جار لە پەیمانگای مۆسیقای قورتوبە گەشەی کردو و پەرەی سەند.)

- مێژوونووسی فەرەنسی (هێنری تێرەیس) دەنووسێت:- (زەریاب شێوازی جل و بەرگی زستانەو هاوینەی ناساند. بە وردی ئەو ڕۆژانەشی دیاری کرد کە دەبێت چ جۆرە جل و بەرگێک بپۆشرێت، هەروەها پۆشاکی نیو وەرزەشی زیاد کرد کە گونجاو بوو بۆ ماوەی نێوان دوو وەرزی جیاواز، وە پۆشاک و بەرگی جوان و سەرنجڕاکێشی ڕۆژهەڵاتی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ ئیسپانیا، لە ژێر کاریگەری ئەودا پشەسازی جل و بەرگ سەریهەڵدا کە جل و بەرگی هێڵ هێڵی ڕەنگاو ڕەنگ و چاکەتیان لە کووتاڵی ڕوون دروستدەکرد.) بەشێک لە مێژوونووسانی عەرەب، ڕەچەڵەکی زەریاب بە عەرەبەوە دەبەستنەوە. بەڵام باشترین سەرچاوە جگە لە مێژوونووسانی خۆرئاوا، لێکۆڵینەوەکەی - دکتۆر (مهيمن ابراهيم جزراوية) کە بەزمانی عەرەبی نووسیویەتی بەناوی(زرياب منجازاته وابرز مبتكراته الموسيقية) ئەوەی جێگەی داخە کە کورد ئەم داهێنەرەی خۆی ناناسێت! لەم ڕۆژانەدا ڕۆمانێک بەزمانی کوردیی بڵاوکرایەوە لەلایەن ناوەندی ڕەهەندەوە بەناوی (زرياب) لە نووسینی: مەقبول ئەلعەلەوی.

وەرگێڕانی لە زمانی عەرەبییەوە: سەباح ئیسماعیل. خوازیارم مۆزیکژەن و موزیسیانەکانی کورد، هەوڵ بدەن و ئەم داهێنەری کورد بە خوێندکارانی زانکۆ و پەیمانگاکان بناسێنن تا زیاتر ئاشنا بن بە داهێنەرانی کورد.



**یادنامە YADNAME**

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژوویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهان) لە هۆڵەندا و جەماوەر ئەحمەد لە سلێمانی"یەوە سەرپەرشتی ئەکرێ.



Email :sarkawt_47@hotmail.com
Viber& WhatsApp: +31615852703 / 009647701502234

# ستیف جوبز



ملیاردێری گەورەی ئەمریکی (ستیف جوبز) لە تەمەنی (٥٦) ساڵیدا بەهۆی شێرپەنجەی پەنکریاسەوە مرد.. لە دوای خۆی و لەسەر جێگای نەخۆشخانە: (٧) ملیاردۆلار و کۆمەڵێک قسەی لەسەر ڕاستی ژیان بەجێ هێشت.. لەقسەکانی:

١ـ بەبڕوای من ژیان ناوەڕۆکی سەرکەوتنە، وە من دڵخۆش نیم بەوەی کە هەمە لە سەروەت و سامان. پارە تەنها کۆکردنەوە و کەڵەکەکردنی ژمارەیە کە خومان پێوەگرتووە!

٢ـ من کە ئێستا لەسەر جێگا کەوتووم، بیرلەژیانی ڕابردووم دەکەمەوە، دەزانم کەهیچ شتێک دڵم خۆشناکات بەوەی کە هەمە، چونکە دەزانم مردن ئێخەم پێ دەگرێت و ژیان بۆ من بێ مانایە...

٣ــ دەتوانی کەسێک بەکرێ بگری تاوەکو شوفێریت بۆبکات.. یان خزمەتکارێکت هەبێت کارەکانت بۆ ئەنجام بدات ، بەڵام، ناتوانی هیچ کەس بەکرێ بگری تاوەکو لەجیاتی تۆ نەخۆش بکەوێت و ئازارەکانت لێوەربگرێت.

٤ــ کاتێک گەورە بووم، زیرەکتر بووم و بۆم دەرکەوت ئەو کاتژمێرەی نرخی (٣٠) دۆلارە یان (٣٠٠٠) دۆلارە، هەمان کات و چرکەت پێدەڵێت و جیاوازیان نیە!! یان: ئەو جزدانی پارەیەی بە (٣٠) دۆلارە، یان (٥٠٠) دۆلارە هەر هەمان پارەی تێدایە! یان: ئەو سەیارەی بە (١٥٠،٠٠٠) دۆلارە یان (١٥٠٠) دۆلارە هەمان ڕێگا دەبڕن و دەتگەیەننە جێی مەبەست.. ئێتر چاک بزانن: بەختەوەری ڕاستەقینەی مرۆڤ لەو شتە مادیانەوە دەست ناکەوێت کە هەیەتی بەڵکو: لەناخی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت.. وە هەروەها: **منداڵەکانتان فێرمەکەن دەوڵەمەندترین بن، بەڵکو بەختەوەرترین بن، چونکە کە گەورە بوون، ئەوکات نرخی شتەکان دەزانن، نەک تێچووەکانیان..خواردنەکانتان وەکو چارەسەر بخۆن، دەنا ڕۆژێک دێت ناچاردەبن حەب و علاج و چارەسەرەکانتان وەکو نان بخۆن. ماڵەکەتان لەبەرهەتاو جێ بێڵن، خۆشتان لەسێبەردانیشن.. ماڵ بۆئەوەیە پێی بژین، لەپێناویدا بژین!**

**ـ ئەگەر دەتەوێت دەوڵەمەند بیت، بە تەنیا بژی و بڕۆ، بەڵام، کەدەتەوێت بەختەوەربژی لەگەڵ خەڵک بڕۆ وبژی !!!**



## قادری حاجی عەلی

زۆر بە داخەوەین، ئەمڕۆ (١٠ی ١١ی ٢٠٢٠) کاک "قادری حاجی عەلی" سەرکردەی دیاری سیاسی کوردستان و یەکێک لە دامەزرێنەرانی بزوتنەوەی گۆڕان کۆچی دوایی کرد. کۆچی ناوادەی کاک قایەر خەسارەتێکی گەورەیە لە گەلەکەمان کەوتوە. بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە تێکۆشەرەکەی و گەلی کورد ئەکەین. هەوڵ ئەدەین بەشی زۆری لاپەڕەکانی ژمارەی داهاتوی تەرخان بکەین بەو جوامێرە.

**بەشێ لە ژیاننامەی کاک قادری حاجی عەلی:**

- ١٩٥٥ لە سلیمانی لەدایک بوە.
- کۆلێژی جیۆلۆجی تەواو کردوە.
- ١٩٨٠ چوەتە شاخ و بۆتە پیشمەرگە.
- لە تەمەنی 28 ساڵیدا بوەتە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان.
- ١٩٩٤ دەزگای زانیاری یەکێتی دامەزراندوە.
- ئەندامی سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوە.
- ١٩٩٨ بۆ ٢٠٠٠ کارگێری مەکتەبی سیاسی یەکێتی بوە.
- ٢٠٠٩ لەگەڵ ڕەوانشاد "نەوشیروان مستەفا" و کۆمەڵێک هاوڕێی بزوتنەوەی گۆڕانیان دامەزراندوە.
- ی ١٠ی ٢٠٢٠ توشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوە و دوای چەند ڕۆژێک ڕەوانەی نەخۆشخانە کرا. ماوەی ٤٠ ڕۆژ لە نەخۆشخانە مایەوە. بە داخەوە بەرەبەیانی ١٠ی ١١ی ٢٠٢٠ لە سلێمانی کۆچی دوایی کرد. بڕیارە ڕۆژی چوارشەممە ١١ی ١١ لە گۆڕستانی ئابڵاخی شاری سلێمانی بەخاک بسپێردرێ.